# پیرەمێرد و زەریا




لاس

به درێژایی مێژوو کێشەو ململانێی مرۆڤ و سروشت، بابەتێکی گەرمی چیرۆک و ئەفسانە و حەکایەتەکانی بەرئاگردان بووە، لەگەڵ سەردەمی مۆدێرن و شۆڕشی بۆرژوازیشدا، سەروەختێک ڕۆمان دەبێتە داستانی ئەو قۆناغە تازەیە، ئیتر ئەو بابەت و کێشانەی پێشتر لە فۆرم و چوارچێوەی تردا تەعبیریان لێدەکرا، لە ناو ڕۆمان و چیرۆک و نۆڤلێتدا باس دەکرێن.

(پیرەمێرد و زەریا) شاکارێکی ئەدیبی گەورەی ئەمریکایی «ئەرنست هەمنگوای»یە، کە لە ناوەڕاستی سەدەی بیستەمدا نوسیویەتی و باس لە ململانێی نێوان مرۆڤ و سروشت دەکات. «هەمەنگوای» یەکێکە لە ڕۆماننوسە ناودارەکانی سەدەی بیستەم. ڕۆژی ٢١ی تەموزی ١٨٩٩ لە

شاری (ئۆک پارک)ی سەر بە ویلایەتی (ئەلینۆی) هاتۆتە دنیاوەو لــە دووی تەمموزی ١٩٦١ خۆی دەکوژێت و کۆتایی بە ژیانی دێنێت.

«هەمەنگوای» خاوەن خەلاتی ئەدەبی نۆبلە و چەندین شاکاری ئەدەبی (وەک چیرۆک و ڕۆمان)، پێشــکەش بە خوێنەران کردووە. نموونەکانیان: (پیرەمێرد و زەریا، زەنگەکان بۆ کێ لێدەدرێن و ماڵئــاوا لە چەک و... هتد). بەناوبانگترین کاری ئەدەبی ئەو، ڕۆمانی (پیرەمێرد و زەریایە). هەر لەبــەر ئەم کارەشــیەتی کە لە ســاڵی ١٩٥٤ دا خەلاتی ئەدەبی نۆبڵی دەدرێتێ.

لەم کارەیدا «هەمنگوای» مەبەستیەتی ئەوە پیشانبدات کە ڕەنگە مرۆڤ لە ململانێکانی لەگەڵ سروشتدا تێکبشــکێت، بەڵام هەرگیز نادۆڕێت. ئەو دەیەوێت ئیــرادەو هێز و توانای مرۆڤ بەرز بنرخێنێت. مــرۆڤ وەک کائینێکــی بزێو و بە توانا ڕەســم بکات. ئەو لــەم ڕۆمانەیدا زیاتر لە دیدگای «نیچە» و فەلسەفەی «نیچە»وە نزیکە و دەیەوێت مرۆڤ وەک بونەوەرێکی گەورە نیشان بدات.

پاڵــەوان و کارەکتــەری ســەرەکی ئــەم ڕۆمانــە، پیرەمێردێکــی بەســاڵاچووە بەناوی «ســانتیاگۆ»وە. ئەم پیاوە پیشەی ڕاوەماسیە و ســەرو ســەودای لەگەڵ دەریادایە. ڕۆژانە بۆ بژێوی ژیانی ڕوو لە دەریا دەکات و لەسەرپشتی بەلەمە چکۆلانەکــەی بەدوای نێچیردا دەگەڕێت. وەلێ ســەروەختێک دێتە پێش، چــل دانە ڕۆژ هیچی دەسگیر نابێت و نائومێدانە دەگەڕێتەوە. ئەو چل ڕۆژە مێــرد منداڵێکی لەگەڵدا دەبێت، بــەڵام کــەس و کاری منداڵەکــە دەزانن هەموو ڕۆژ «ســانتیاگۆ» بە دەســت بەتاڵی دێتەوە، کوڕەکەیان دەگوازنەوە لای چەند ڕاوچیەکی دی. پاشان ئەوەی زۆر ئەو منداڵە زویر دەکات، دیمەنی گەڕانەوەی ئێوارانی پیرەمێردە بە دەست بەتاڵی و بــێ ڕاو، بەڵام ڕۆژێکیان ماســیەکی گەورە بە داوەکەیەوە دەبێت و پیرە بۆ چەند شەو و ڕۆژێک دەکەوێتە ململانێ لەگەڵیدا و کۆڵی لێنادات، تا دەیهێنێتەوە کەنــار دەریاکە. وانەی ئەم ڕۆمانە وانەی ئیرادەگەرێتیە، نیشــاندانی شکۆمەندی و مەزنی مرۆڤە لە بەرامبەر هێزە سروشــتیەکاندا. (پیرەمێــرد و زەریا) لــەو ڕۆمانانەیــە کە بیر ناچنەوە.